کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-8-2007 23:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بەرەو ئەلکترۆنی بوونی رۆژنامەگەری ... ئەحمەد محەمەد ئابڵاخی**

لەمڕۆدا کاری رۆژنامەگەری بەشێوازی ئەلکترۆنی کارێکی زۆرباوە، نەك تەنها لەبواری رۆژنامەگەری کوردیدا، ئەوەندەی من ئاگاداربم دەیان سایتی عەرەبیش هەیە، لەو باوەڕەشدام لەزمانەکانی تریشدا هەروا بێت، ئێستا زیاتر لە 50 سایتی کوردی هەیە، هەمووشیان هەریەکە لەکونجێکەوە بەگوێرەی توانای خۆیان خزمەتی بزافی رۆژنامەگەری کوردی ئەکەن، زۆرجار ئەو سایتانە لای خۆیانەوە پێگەیان بۆ رۆژنامە کاغەزییەکانیش کردۆتەوە، بەندە زۆربەی ئەو رۆژنامانەش هەر بەو شێوەیە ئەخوێنمەوە نەك لەبەرئەوەی نەیکرم، بەڵکو لەبەرئەوەی بەدواییدا نەچم و زۆرجاریش هەیە رۆژنامەی شوێنێکی ترەو بەهۆی کێشەی دابەشکردنەوە نزیکە دەستنین، ئەو رۆژنامە ئەلکترۆنیانە کێشەی دابەشکردنیان نییە، من بۆخۆم کەتائێستا لەچەند رۆژنامەیەك کارم کردووەو زۆرجاریش لەدەستەی نووسەران بووم یان بەرپرسی لاپەڕەیەك بووم و ئێستاش سەرنووسەری رۆژنامەیەکم، گەورەترین کێشەمان گەیاندنی رۆژنامە بووە بۆ شارەکانی تری کوردستان یان بۆ قەزاو ناحیەکان، یان بۆ کتێبخانەکان، ئەمە جگە لەوەی پارەی تێدەچێ، کارمەندو هۆکاری هاتووچۆشی ئەوێت، بەڵام ئەم رۆژنامە ئەلکترۆنیانە بەبێ لەدەرگادان خۆی ئەکات بەهەموو ماڵێکدا زۆر بەئاسانی بێ ئەوەی هەردوو باڵت ماندوو بێت بەبەرزکردنەوەی رۆژنامەوەو هەڵدانەوەی لاپەڕەکانیەوە، تەنها خراپی ئەو رۆژنامە ئەلکترۆنیانە ئەوەیە کەدوای خوێندنەوە ناکرێن بەسفرە بۆنان خواردن، من لەنزیکەوە ئاگاداری کاری ئەو بەرێزانە نیم کەبەرپرسی ئەو سایتانەن، تا ئاگاداری ئەوەبم چۆن ئەرشیف ئەکرێن، چونکە کاری رۆژنامەگەری تەنها کارێکی خوێندنەوەی خوێنەر نییەو ئیتر لەوێدا رۆڵی تەواو بووبێت، بەڵکو ئەوانە مێژووی ئەم میللەتەن و مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوان پێویستیان بەگەڕانەوە هەیە بۆ سەریان لەکاتی پێویستدا، جگە لەوەی کەبەڵگەنامەی زۆر هەواڵ و زۆر وتارو زۆر نهێنین، هیوادارم ئەو بەرپرسە بەرێزانە بیریان لەوە کردبێتەوە کەئەرشیفێکی ئەوتۆ هەبێت بۆ چەندەها ساڵ پارێزراو بێت و گەڕانەوەش بۆ هەموو خوێنەرێك بۆ سەر ئەو ئەرشیفە ئاسان بێت نەك تەنها هەر لای بەرپرسەکانی دەست بکەوێت، گەر ئەمە بکەن ئەو کات خزمەتەکەیان بەبزافی رۆژنامەگەری کوردی تەواو ئەبێت.



ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.